هەفتەنامەیەکی سیاسی، رۆشنبیری گشتییە،
حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات،
ژمارە نۆبەرەی لە ١ - ٧ - ٢٠٠٠ دەرچووە

# گەلــ رۆژی
Rojî Gel

ژمارە (٢١٣) یەکشەممە ٣-٨- ٢٠٠٨

## زەنگی کەرکوک لە واشنگتن دەزرنگێتەوە

دوای داخوازیەکەی ئەنجوومەنی کەرکوک بۆ گەرانەوە بۆ سـەر کوردسـتان، هـەریـەکـە لـە بـەغـدادو واشـنتگتن و ئـەنکارا هاتنەسەر هێڵ و رای خۆیان دیارکرد، لەم بارەیەوە **شۆن مکۆرماک** وتـەبێرژی ئەمریکا رایگەیاند کە: لـەسـەر تاک و کۆمـەڵـەکانی کـەرکـوک پێویـسـتە خۆیـان لـە وروژانـدن لابـدەن، بـۆ چارەسـەرکردنی کێشەکان گـەرەکـە بریار لـەسـەر یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پاریزگاکان بدرێ.

ل 3 کەرکوک داوای گەڕانەوەی باوەشی کوردستان دەکات



ل 4 دەنگی بەرمیلی نەوت لە نێو شەپۆلەکانی گەرمای هاویندا

ل 5 پاساوە یاساییەکانی گەڕانەوەی کەرکوک بۆ کوردستان



ل 7 ڕادۆڤان کرادزیچ کێیە



# داڕێژەری تەقینەوەکەی کەرکوک بۆ تورکیا دەرباز دەکرێ

**عیماد عـەبـدولڕەحمان**، ئـەو بەرپرسەی بەری تورکمانی کە بڕیاری تـەقـەکردنـی دژ بـە خۆپێـشاندەرانـی شـاری کـەرکـوک دابـوو، لـە باڵیۆزخانـەی تورکیـاوە بـە نهێنـی بـەرەو تورکیـا دەگوازرێتەوە.

عیماد عەبدولڕەحمان وەک پلانـداڕێژەری تـەقینـەوەکـەی رۆژی ٢٨ی تـەمـمـووزی نێـو ڕێپێوانەکەی شاری کەرکوک تۆمـەتبـارکراوە، تـەنانـەت پاسەوانەکانی بارەگای بەرەی تورکمانی جەخت لەسەر ئەوە دەکـەنـەوە کـە نـاوبراو پێیگوتـوون هـەر تـەقینـەوە روویـدا، ئێـوە دەسـڕێژ لـە خۆپێشاندەران بکەن، ئەمەش بـەڵگـەی ئـەوەیـە کـە پێـشتر ئاگای لـە پلانـی تـەقینـەوەکـە هەبووە.

سـەرچـاوەکـانی هـەواڵـی تورکیا ئاشکرایان کردووە کە عیمـاد عـەبـدولڕەحمـان بـە سوکی بریندار بووە و خـۆی گەیاندۆتە باڵیۆزخانەی تورکیا لە بەغداد، لەوێشەوە بە نهێنی بـۆ تورکیـا گـوازراوەتـەوەو ئێستا لـە نـەخۆشخانەیەکی شـاری ئیـستەنبـۆل تیمـار دەکرێ.

سـەرچـاوەکـان جـەخـت لـەسـەر ئـەوە دەکـەنـەوە کـە رۆژی پێش ڕێپێوانەکە، عیماد عـەبـدولڕەحمـان بـە پاسەوانەکانی گوتوە کە بەیانی لـەنێـوان کـاتژمێر ١٠ تـا ١١ لـەنێـو ڕێپێوانـەکـە تـەقینـەوە روودەدا، هـەر تـەقینـەوەکـە روویدا، ئێوەش دەسڕێژی لە خـەڵـک بکـەن، ئـەمـەش بـەڵگـەیـەکـی ئاشـکرایە کـە تۆمـەتبـار پلانـداڕێژەری تەقینەوەکەیە، تەنانەت هەندێک سـەرچـاوە پێیانوایـە کـە خۆکـوژەکـە لـەنێـو بـارەگـای بـەرەی تورکمانیـەوە هاتۆتـەدەرێ و چۆتـە نێـو ڕێپێوانەکەو خۆی تەقاندۆتەوە.

## هاوپەیمانی کوردستان، پێشنیازەکانی دێمیستۆرا سەبارەت بە کەرکوک پەسند دەکات

سـەرچـاوەکـانی هـەواڵ لەزاری موحسین ئەلسەعدون ئـەنـدامی پـەرلـەمـانی عێـراق ئاشکرایان کردووە کە لیستی هاوپەیمانی کوردستان بەنیازە پێـشنیازەکـانی دێمیـستورا پەسند بکات.

سـەرچـاوەکان ئاشکرایان کردووە کە لیستی هاوپەیمانی کوردستان بڕیاری داوە ئەمڕۆ یـەکشەمـە ٣-٨-٢٠٠٨ لە نێو پەرلـەمانی عێراق دا دەنگ بۆ پێشنیازەکەی دێمیستورا بدات، ئـەمـەش بـەو واتایـەیـە کـە پاریزگـای کـەرکـوک لـە دەرەوەی بازنـــــــەی هـەڵبژاردنـەکان دەمێنێتـەوە. هـەرچـەنـدە لـە لیستی هاوپەیمانی کوردستان نایەوێ کە هەڵبژاردنەکانی کەرکوک دوا بخرێ و بۆ سـەر چوار بازنـە دابـەش بکرێ، بـەڵام لاگیـری لـە پێـشنیازەکـانی دێمیـستورا دەکـات کـە ئاکامـەکـەی جیـاوازییەکی ئەوتۆی نیە.

لـەلایـەکـی دیکـەشـەوە بـەرپرسـێکی باڵای حکومـەتی عێـراق ئاشـکرای کـردووە کـە کێشەی کەرکوک بە ڕێککەوتن چارەسەر دەکرێ، ئەمەش بەو واتایەیە کە خواستی عەرەب و تورکمان، واتە خواستی تورکیا و وڵاتـانی دیکـەی عـەرەبـی سەرپشک دەکرێ و بە زیانی کـورد تـەواو دەبـێ. سـەرچـاوەکـە پێیوایـە کـە یاداشتی زۆرینەی ئەنجوومەنی پاریزگای کەرکوک بۆ گرێدانی پاریزگاکـە بـە هـەرێمـی کوردستان کارتێکی گوشاری هەرزانەو کاریگەری نابێ.

## عەلاوی پۆلیس تۆمەتبار دەکات

**ئـەیـاد عـەلاوی** سـەرۆک وەزیرانـی پێـشووتری حکومـەتی بـەغـداد، سـوپاو پۆلیسی عێراق بەوە تۆمەتبار دەکات کـە پـەیوەستبوونی نیـشتمانیان نیـەو گرێـدراوی میلیشیاو حزبەکانن.

هـەفتەی رابـردوو ئـەیاد عـەلاوی بـە لیژنـەی بەدواداچوونی ئـەنجوومـەنی نوێنـەرانـی ئـەمریکـای راگـەیاندبوو کە پێداویستێکی گرنـگ بـۆ پێکهێنـانی دامـەزراوەی نـا تـایفی هـەیە، چونکە ئەو پۆلیس و سوپایەی هـەیە، لـەسـەر بنـەمای تـایفی داندراون.

عەلاوی جەختی کردۆتەوە کە مەشقکردن چارەسەر نیە، چونکە سوپاو پۆلس لاگیریان بـۆ عێـراق و بـۆ دەسـتەڵاتی نیشتمانی نیە.

عـەلاوی دووپـاتی کردۆتـەوە کـە ١٣ ئـەنـدامی بـاڵای حزبـەکـەی لـەلایـەن ڕێگرانـی سـەر بـە پـۆلیس و سوپاوە تیرۆرکراون، هەروەها پرۆسـەی کوشـتن هاوکـاری ساختەکاری هەڵبژاردنەکانی کردووە، بۆیـە خواستوویەتی کە چاودێرانی نێودەوڵـەتی و عـەرەبی بۆ هـەڵبژاردنـەکانی ساڵی ٢٠٠٩ ئامادە بکرێن.

عەلاوی جەختی کردۆتەوە کـەشـەری نێـوەخـۆ کۆتـایی نەهاتووەو بەردەوامە.

## بەرەی تورکمانی چاوەڕوانی هاتنی سوپای تورکیا دەکات

**جەمال شان** سەرۆکی پارتی نیشتمانی تورکمان کە پارتێکی سـەرەکی پێکهێنـەری بـەرەی تورکمانیە، بە رادیۆی سەوای راگەیاندووە کە بۆ پاراستنی بـەرژەوەنـدەکانی تورکمـان، سـوپای تورکیـا دێتـە نـاو کـەرکـوک، بـەڵام نـاوبراو چۆنیـەتـی هـاتنی دیـار نەکردووەو و گوتویەتی نازانم بەچی شێوەیەک دەبێ!

جـەمـال شـان و زۆربـەی بـەرپرسـانی بـەرەی تورکمـانی هاتنی سوپای تورکیایان وەک مـژدە بـە لایـەنگرانـی خۆیـان داوە، بەڵام تا ئێستا روون نیە کە لەسەر چ بنەمایەک سوپای تورکیـا دەکـاری بێتـە نـاو کـەرکـوک. تـەنانـەت ئـەوان بـەیاننامـەکـەی وەزارەتـی دەرەوەی تورکیا سەبارەت بە ئاڵۆزیـەکـانی کـەرکـوک وەک ئامـاژەیـەکـی راشـکاو بـۆ حکومـەتی بـەغـداد و گـەلـی تورکمان دادەنێن و پێشیانوایە کەلایەنی کوردی پێوانەی بۆ دەکات و ناچار دەبێ کە لەو یاداشتەدا پاشەکشە بکات کە داوای گەڕانەوەی کەرکوک بۆ سـەرهـەرێمـی کوردسـتان دەکـات. وەزارەتـی دەرەوەی تورکیا لە بەیاننامەکەدا جەختی لـەوە کردۆتـەوە کـە ئـەو بارگرژیانەی لەشاری کەرکودا روودەدەن لەبەرژەوەندی هیچ لایـەکـدا نییـەو تورکیـاش بـەووردی چاودێری رەوشـی کەرکوک و رووداوەکانی ئەو شارە دەکات.

هەر لە پێوەند بەم بابەتە، سەرچاوەکانی هەواڵی تورکیا بڵاویـان کردۆتـەوە کـە حکومـەتـی **ئـەنکـارا** هێـزە پـەرەشـوتەوانـەکـانی بانگکردۆتـــــەوەو داوای لێکـردوون کـە کۆتـایی بـە پشووی هاوینە بهێنن و خۆیان بۆ ئەرکێکی پێسپێردراو ئامادە بکەن، هەرچەندە حکومەت و سـوپای تورکیا ئەرکـەکـەیان ئاشـکرا نـەکـردووە، بـەڵام چاودێران پێیانوایە ئەو ئەرکە دابـەزانـدنی سـەربازە بۆ نـاو شـاری کـەرکـوک،. هـەر سـەربـارەت بـەو کێـشەیـە سـەرچـاوەیـەک لـە حزبـی رزگـاریی کوردسـتانەوە بـە هـەفتـەنـامـەی رۆژی گـەلـی راگـەیانـد:' تورکیـا بـەبـێ هاوکاری ئەمریکاو حکومەتی بەغداد هەرگیز توانای کارێکی لـەو بابـەتـەی نیـە، تورکیا لـە پێشڕەوی کردن بۆ ناوخاکی باشوور شکستی خواردووە، بۆیە دابەزاندنی سەبار بۆ ناو شـاری کـەرکـوک بـەدوور دەزانرێ و سەرکەوتوو نابێ و ئاکامی خراپی لێدەکەوێتەوە'

## بەرەو سێیەمین کۆنگرەی حزب

کۆمیتـەی ئامـادەکردنـی سـێیەمـین کـۆنگرەی حزبمـان، حزبی رزگـاریی کوردسـتان بـە تـەواوی کـادیرو ئـەندام و لایەنگرانی حزب رادەگەیـەنی کە لـە مانگـەکانی داهـاتوودا سـێیەمـین کـۆنگرەی حزبمـان پێکـدێ، بـەوهـۆیـەوەو بـەمـەبـەستی بـەشـدارییپێکردنی هـەمـوان لـە دارشـتنەوەی پێڕۆو پرۆگرام و سیاسەتی حزب، داوا لە هەموان دەکات کە بەهەر شێوەیەک بۆیان دەکرێ راو سەرنجی خۆیان بۆ کۆمیتەی ئامادەکار رەوانە بکەن.

کۆمیتـەی ئامـادەکـاری کـۆنگرە، بـەمـەبـەسـتی دەوڵـەمـەنـدکردن خۆشـحاڵ و بـەختـەوەر دەبـێ ئـەگـەر رۆشـنبیرانی کوردسـتان رامـان و بۆچـوون و سـەرنجـی خۆیانی بۆ رەوانە بکەن.

کۆمیتەی ئامـادەکاری سـەربەرزو بەختەوەردەبێ کە ئەگەر لایەنە سیاسیەکانی کوردستان بە پەیامی نووسراو راو سەرنجی خۆیانی بۆ رەوانە بکەن.

کۆمیتـەی ئامـادەکـاری سـێیەمـین کـۆنگرەی حزبـی رزگاریی کوردستان دوایـی ئامـادەسـازی و تـەواوبـوونی کـارەکـانی خـۆی، کـات و شـوێنی کـۆنگرە بـۆ میوانـان و ئەندامانی کۆنگرە دیاری دەکات.

دەتوانن رامان و سەرنجی خۆتان لەسەر ئەم ئیمایلانە رەوانە بکەن:

info@rpk٩٢.org

rpk٩٣@hotmail.com

rekarahmed@hotmail.com




## ئەمن و ئیستخباراتەکانی بەعس بۆ سەرکارەکانیان دەگێڕدرێنەوە

بەرپرسێکی باڵای عێراق بـەڵگـەنامـەیـەکـی پێـشانی ئاژانـــسی هـــەواڵنێـــری ئـەسیۆشـییەتێت پرێس داوە، کە تێیدا دەردەکەوێ ئـەمن و ئیستخباراتەکانی سـەردەمـی بـەعـس لـە نـاو ڕیـزەکـانی حکومـــــەتـــی عێراقـــدا دامەزراونەتەوە.

بەگوێرەی سەرچاوەکان، لـەبـەر رەوشـی نالـەبـاری ئاسـایش و لـەسـەر داوای ئـەمریکا، حکومـەتی بـەغداد لـەمانگی شوباتی رابردوودا یاسـایکی پـەسـندکردووە کـە رێگـەی گـەڕانـەوە بـۆ سەرکارەکانیان بە ئەمن و ئیـستخباراتەکـانی ڕژێمـی بـەعس دەدت، کـەئـەمـەش لـەلایـەن خـەڵـکی عێراقـەوە بـەتووندی رەت دەکرێتـەوە و بەزەنگی مەترسیدار دادەنرێ.

بە پێی ئەو بەڵگەنامەیە نزیکەی١٣٠کەس لە هێزەکانی تایبـەتی ڕژێمی پێشوو، ٧١ ئـەنـدامی بـاڵای پێـشووی سەربازیی و هـەواڵگری و ٢٣ کـەس لـە خۆبـەخشکەران و کەسانی زۆر نزیک لـە سـەدام حوسێن ئێستا لە ناو حکومەتی عێراقـدا پۆسـتەکانیـان وەرگرتۆتـەوە، لـە داهاتووشدا دەرفـەت بـۆ گـەڕانـەوەی ژمارەیەکی فەراهم دەبێ.

## رۆژەڤ

کاتێک، کـەسێک یـان کـەسـانێک لـە ڕێکخراوێکـی سیاسـی دادەبڕێن و بانگەشەی درێژەپێدانی خەبات و تێکۆشان دەکەن، دەبێ لانی کەم لە ئارمانجی سەرەکی ڕێکخراوەکەی پێشوویان دوور نەکەونەوەو پێشێلکاری لە پێڕەوی ناوخۆی ڕێکخراوەکەدا نەکەن، چونکە پێبەندبوونیان بە ئارمانج و گرێدانیان بە پێڕەوی نـاوخۆی ڕێکخـراوەکـە پێناسـەی داهاتوویـان پێـدەبـەخشێ و هەڵیاندەسەنگێنێ، بەڵام کاتێک دابڕاوەکان ئارمانجی سەرەکی ڕێکخراوەکەی پێشوویان هەڵدەگێڕنەوەو بەئارەزووی خۆیانەوە تەڕاتێنێ بەسەر پێڕەوی نێوخۆدا دەکەن، ئاشکرا دەبێ کە ئەمانە مەبەستیان درێژەپێدانی خەبات و راگرتنی حزبایەتی نیە، بەدوای بەرژەوەندێکی تایبەتی خۆیاندا رادەکەن، بەوهۆیەشەوە بەرد لەو کانیـاوە دەگـرن کـە ئاویـان لێخواردۆتـەوە، پـەلامـاری ئـەو تێکۆشـەرانـە دەدەن کـە پێـشتر بـەرپرسـیان بوونـە و وانـەی سیاسـەتیـان فێرکـردوون، یـان هـەمـوو شـتەکانیـان لـەسـەر دژایەتیکردنی کەسێک یان کەسانێک چڕ دەکەنەوە، بەوهۆیەشەوە سیمای راستینی خۆیان بە دەوروبەر دەناسێنن.

ماوەیەک لـەمەوبـەر چـەند هـەڤاڵێکی پێشوومان ویستیان کۆدێتا بەسەر حزبی رزگاری تێپەڕبکەن و خۆیان وەکو خاوەنی یەکەمی حزب بناسێنن، بەوهۆیەشەوە کەوتنە چەواشەکاری، لە دەسـتپێکدا سـاختەکاریـان لـە لیـستی مووچـەی ئـەنـدامانی سەکردایەتیدا کرد، ناوی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی و چەند ئەندامێکی دیکەی کۆمیتەی ناوەندیان گۆڕی، ناوی ژن و خوشک و بیرا و خزمەکانی خۆیان لەجێگە دانان، دواتر پێڕەوی ناوخۆیان پێشێل کرد و بەسەر دەستووری حزبدا بازیان دا.

کەسانێک ئەگەر سەریان لە پێڕەوی ڕێکخراوکەی خۆیان دەرنەچێ، بە چ مافێکەوە باس لە سیاسەت و بەردەوام بوونی حزبایەتی دەکەن، لەکام بڕگەی پێڕەوی ناوخۆی حزبی رزگاریدا باس لە دەستەی سەرۆکایەتی و بەرپرس و کارگێڕی دەستەی سەرۆکایەتی کراوە؟! لەکام بڕگەی پێڕەوی ناوخۆی حزبدا ڕێگە بە مەکتەبی سیاسی دراوە کە بەبێ سکرتێری گشتی کۆببێتەوە؟! کام بڕگەی پێڕەوی ناوخۆی حزب ڕێگە بە تێکڕای کۆمیتەی ناوەندی، 'نەک کەمینەی کۆمیتەی ناوەندی' دەدات تا ئەندامێکی سەرکردایەتی لە پۆستەکەی دوور بخاتەوە؟!

ئەو هەڤاڵانەی پێشوومان کە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان کە ناشزانرێ تا کوێ بڕ دەکات، گورزیان لە پەیکەری حزب داو بەرووریدا هەڵگەڕانەوە، دەبێ ئەو راستیە بزانن کە چۆن بۆیان نەکرا ناوی هەفتەنامەی **رۆژی گەل**، ئۆرگانی ناوەندی حزب داگیر بکەن، بەو شێوەیەش ناتوانن ناوی حزبی رزگاریی کوردستان داگیر بکـەن، بۆیـە باشـتروایە دەسـت لـە سـوکایەتی پێکردنـی تێکۆشەرانی حزب هەڵبگرن و بۆخۆیان ناوێکی نوێ هەڵبژێرن و بەدوای کاری خۆیانەوە بکەون و واز لـە حزب بهێنن و چیتر کێشەو گرفتی بۆ دروست نەکەن، چونکە حزبی رزگاری سەربەخۆیی بڕیاری سیاسی رادەستی هیچ لایەنێک ناکات.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com